# بەردبارانکردنو کوشتنی دۆعا تاوانێکە دژ بە مرۆڤایەتی

کارەساتی بەردبارانکردن وکوشتنی دڕندانەی دۆعا، کیژۆڵەی 17ساڵانی ئێزیدی ئیمەشی هەژاند. مرۆڤ باوەڕ ناکات لە ساڵی 2007دا کارەساتی لەوچەشنە بتوانێت رووبدات. چۆن دەکرێ ئەو هەموو پیاوە و ئەو هەموو بەناو ئینسانانەی لەو فیلمەدا دەبینرێن کە یان پشتیوانی بەردبارانەکە دەکەن و یان بێدەنگن، نەزانن کە چ کارەساتێکی گەورە و چ تراژێدیایەکی کەم وێنە خەریکی قەومانە!
تاوانباری ئەو تاوانە گەورەیە هەر بەتەنها ئەو پیاوە دڕندانەنین کە بەو شێوەیە ئەو کچە گەنجو دڵ پڕلەهیواو ئەوین و خۆشەویستییە دەکوژن. کۆمەڵگای پیاوسالار، ئایینو دابو نەریتی دواکەوتوو، دەسەڵاتی سیاسیو پۆلیس و رێکخراوەکانی مەدەنی و بەگشتی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا، هەرکامەو لەئاستی خۆیانەوە دەبێت وەڵامدەرەوەی ئەو پرسارەبن کە بۆ؟ لەسەرچی؟ ئەوان بۆچی پێشیان پێنەگرت؟ بۆچی نیشانەکانی نزیکبوونی ئەم کارەساتەیان بە هێند وەرنەگرت.
بۆ دەبێت کچێک نەتوانێت بەسەربەستییەوە ئەوینی خۆی ببەخشێت بە خۆشەویستەکەی جا با سەر بەهەر ئایین و باوەڕ و کۆمەڵگایەک بێت؟
ئێمە لەکاتێکدا کە بەوپەڕی خەمبارییەوە ئەو کارەساتە مەحکووم دەکەین ئێجگار زۆر نیگەرانی «دۆعا» کانی ئێستاو داهاتووی ئەو کۆمەڵگایەین کە بەباوەشێنکردنی فەرهەنگی عەشیرەتی و پاشکەوتووانە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە، گیان و ئاوات و داهاتووی خۆیشیان و بنەماڵەو هەموو کۆمەڵگاکەیان لە مەترسی گەورەدایە.
لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی هەموو ئەوانەی لە دوور و لەنزیکەوە دەستیان هەبووە لەو تاوانەدا یان رێگاخۆشکەری وەها رووداوێک بوون، کەمترین داواکاری هەموو مرۆڤێکی یەکسانیخواز و ئازادیخوازە.

ستۆکهۆلم 2007/4/29

مەلەکە مستەفا سوڵتانی
سەروەت مەزهەر
ئەحمەد ئەسکەندەری
پەروین شافیعی
عەلی زەمانی
جەلال حوسەینی
گوڵێ پیشیاری
محمدامین ملازادگان
شەمسی سلیمانی
یوسف شیخمحمدی
لەتیفەی ئیماعیلی
عەلی مستەفازادە
عەتیفەی مازووجی
رەحمان عوڵامی

فایزەی ساڵحی
رەزا مستەفا سوڵتانی
نەسرین بەهرامی
ماجد ئیلاهی
فاپزەی نیکدین
کاڵی ئاتەشین
رەزا شەمسی
فەوزیەی ساڵحی
کورش حەواری‌نەسەب
رەزا یەغمووری
سەلاح حەقگو
رەحیم ئەمینی
سەلاح کەماڵی
لەتیف پەرستار
عەلی نیکدین
فاروق شیرخانی
سەردار محەمەد
سەعدیەی نەسیمی
نەبی زەندی
سەعید رشیدی
یەدی بیگلەری